# (( جێنه هێشتن ))



لارزۆ بەکر 20051111

لەبناری هەندرێندا
لەسەر کانیلەی (( جۆین ))
مشتێ ئاوم زیندانی کرد
لەمەتارەی تەنیایم دا .
وەختێ گەشتمە سەر (( بێرۆ ))
گوێم لە هاواری شتێ بوو ،
هەرکە سەرکەوتم بۆ (( سپیلک ))
مەتارەو ئاوم پێنە بوو،
ئاوی ئەوین: مەتارەکی خەڵەتاندو
خۆیان بۆ خەرەند هەڵدێرا .
منی تینوش بەناکامی
دەستم لەسەر سینگم دانا
بۆرێزگرتن لە ئەوینی ئاوی جۆین ...

larzobaker@hotmail.com

تێبینی:لەساڵی 1990 لە بناری هەندرێن کانیلەیەکی لێیە بەناوی کانی عالمان. من ناوەکەیم نەدەزانی بۆیە ناوم لێ نا کانیلەی جۆین، چونکە بەردێکی گەورەیەو قوڵکراوە بەقەد جۆینێک ،

- بێرۆ : ناوچەیەکی هاوینە هەوارەیە لە دەروازەی خەرەندە.
- سپیلک : کەوتۆتە نێوان .. بێرۆ .. و .. رواندز .